# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە
# لە شاری وانکوڤەر لە کانەدا

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمە ٣ی فوریەی ٢٠٠٨ ڕێوڕەسمێکی شکۆدار بە بەشداری سەدان کەس لە دانیشتوانی شاری وانکوڤەر و دەوروبەر بو ریزگرتن لە ڕۆژی کۆمەلە بەریوە چو.

ڕێورەسمەکە، پاش راگەیاندنی ریزی بە رنامەکان، بە یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی شەهیدانی کۆمەڵە و گیانبەختکردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەستی پێ کرد. بێدەنگیەکە بە سرودی بانگەواز، سرودی کۆمەلە، شکا، پاشان هاوڕێ حەمیدی بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەی بە بۆنەی ٢٦ی رێبەندانەوە پێشکەشی بەشداربوان کرد، هاوڕێ حەمید لە پەیامەکەدا ویرای یاد و بیرەوەری ٢٦ی ریبەندان و یادیک لە هاوری حەمەحوسینی کەریمی و هەمو شەهیدانی کۆمەڵە، یادی کرد لە زیندانیە سیاسیەکان و هەروەها هەمو ئەوکەسانەی لە سالانی رابردودا کەوتونەتە بەر شەپۆلیک لە زیندانی کردن و ئازار و ئەشکەنجە لە لایەن دەزگاکانی سەرکوتکەری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیەوە، پاشان باسیک لە سەر بارۆدۆخی ئیستای ئیران و ناوچەکە و قەیرانەکانی حکومەتی ئەحمەدی نژاد و کێشە نێونەتەویەکانی کراو و لە ئاستی ئیرانیشدا باسی هەول و تیکۆشانی کۆمەڵە بۆ یەکخستنی ڕێزەکانی ئۆپوزسیونی ئێرانی و پیکهینانی بەرەی گەلانی ئیران و هەروەها ئاماژە بە لیک نزیکبونەوەی نەتەوە بندەستەکانی ئیران کرد، لە ئاستی کوردستانیشدا، باسی لە ئەرک و چالاکیەکانی کۆمەڵە و ئەو بوارانەی کە کۆمەلە دەبی زیاتر خۆی پێوە ماندو بکات کرد و باسی لە هەول دان بۆ هاوکاری و لێک نێزیک بونەوەی زیاتری هێزە

سیاسیەکانی کوردستان کرد و پشتیوانی کۆمەڵەی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی هەمو پارچەکانی کوردستان جارێکی دیکە دوپات کردەوە و لە هەمان کاتدا دەخالەت و خۆتیوەردان لە کاروباری ناوخوئی بەشەکانی دیکەی کوردستانی لە لایەن هەرکەسە و لایەنێکەوە بیت مەحکوم کرد.

دوای پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە، پەیامی حیزب و ریکخراوە سیاسیەکان لە لایەن نۆینەرانی ئەم حیزبانەوە خۆیندرایەوە کە بریتی بون لە:

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان

یەکیتی فیدائیانی خەلکی ئیران

پاشان شێعری "لە چاوەروانی تالە سواردا" لە شیعرەکانی شاعیری شۆرشگیر کاک حەمە عەزیز کە بەشداری رێورەسمەکە بو لە لایەن یەکێک لە لایەنگرانی کۆمەڵەوە پیشکەش بە بەشداربوان کرا کە پێشوازیکی زوری لێکرا.

کۆری هەلپەرکی ئاویەر شانۆکی جوان لە هەلپەرکیان بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە ئامادە کردبو کە پێشکەشی بەشداربوانیان کرد.

لە بەشی هونەری بەرنامەکەدا هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەیوب عەلی لە گەڵ تیپی موسیقای تایبەت بە بەشداری ماموستا گوران و کاک هەژار و کاک ئالان و هەروەها هونەرمەندی گۆرانیبێژ کاک سیروس بەرنامەکەیان رازاندەوە و تا درنگایەک لە شەو بە شادی و گۆرانی و هەلپەرکی ڕێوڕوسمەکە درێژەی هەبو.

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامانی دێرینی کۆمەڵە لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدار بون و لەوپەری دڵسۆزیەوە بەشیکی زۆر لە بەریوەبردنی ئەم رێورەسمەیان بە ئەستۆ گرتبو کە لێرەوە سپاسیان دەکەین و هەروەها سوپاسی هەمو ئەو کەسانە دەکەین کە بەشێوەگەلی جۆراوجۆر لە بەریوە بردنی ئەم رێورەسمەدا، چ بە دانی یارمەتی مالی، چ بە بەشداری کردنیان و چ بە هاوکاری و راپەراندنی کارەکانی چالاکانە بەشدار بوون و یاریدەدەرمان بوون.

**کومیتەتی بەریوەبەری ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە لە وانکوڤەر - کانادا**

**٥ی فوریەی ٢٠٠٨-٠٢-٠٧**























www.komala.org
**E-mail:** northamerica_komala@yahoo.com

**Mobile:**+
**Teflon:+** 416-8509980
**Fax:+** 416-8509980